### جەواد مەلا، سەرۆکی حکومەتی رۆژئاوای کوردستان:

# پارتی و یەکێتی زۆر خراپتر لە داگیرکەرانی کوردستان دوژمنایەتی ئێمە و کارەکانمیان کردووە و دەیکەن

**جەواد مەلا کەسایەتییەی نەتەوەی کوردەو سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانە و سەرۆکی حکومەتی رۆژئاوای کوردستانە لەو دیدارەی کە لە رێگەی ئینتەرنێت لەگەڵمان سازداوە، باس لە بارودۆخی کورد لە ناوچەکە دەکات و سیاسەتی کوردی دەخاتە بەر باسکردن.**

**دیمانە: ئیبراهیم شێخ وەسانی**



جەوادی مەلا لەگەڵ تۆنی بلێر

*** سەرەتا دەمانەوێ پێناسەیەکی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان بکەیت و مێژوو و ئامانجی دامەزراندنی روون بکەیەوە؟**

- کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان KNC لەساڵی 1985دا دامەزراوە، ئامانجی کۆنگرە کۆکردنەوەی هەموو کۆمەڵ و حیزب و رێبازە رامیاری و جڤاکییەکانی کوردستانە لە ژێر سەیوانێکی نیشتمانیدا بێ جیاوازی، بە ئامانجی گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان. KNC پێیوایە کوردستانێکی سەربەخۆ، کە گەلێکی ئازاد و یەکسان بگرێتە خۆی، بە حیزب حیزبێنە و هۆزهۆزێنە و خزم خزمێنە و کەسایەتی پەرستن و نێوچەگەرێتی نایەتەدی، بەڵکو بە یەکگرتن و ئاشتیی نەتەوەیی و رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی دێتە بوون.

*** ئێوە سەرۆکایەتی حکومەتی رۆژئاوای کوردستان دەکەن لە لەندەنی پێتەختی بەریتانیا، ئایا ئەم حکومەتە کاری چییە؟ ئایا حکومەتداری لە مەنفا دەکرێ، چونکە حکومەتداری دەبێ خاکێک یان زەوییەکی لەبەر دەست بێت، تا مومارەسەی حکومەتایەتی بکات، دەکرێ ئەمە روون بکەیەوە؟**

- ئامانجی حکوومەتی رۆژئاوای کوردستان ئەوەیە کێشەی رۆژئاوای کوردستان لە سنوورێکی ئینتەرناسیۆنالیدا بداتە ناسین و لایەنگیر و دۆست بۆ مافی سەربەخۆیی رۆژئاوای کوردستان بدۆزێتەوە و کادری ژێهاتی بۆ بەرێوەبردنی ئەو پارچەیەی کوردستان پێبگەیەنێ و خەڵکی رۆژئاوا وریا بکاتەوە، کە ئەوانیش مافی ئەوەیان هەیە وەک هەموو گەلێکی ئەم جیهانە ئازاد و یەکسان و سەربەخۆ بژین. دامەزراندنی حکوومەت لە دەرڤەی وڵات شتێکی سەیر نییە و یەکەم جاریش نییە. تا ئێستا سیاسەتکارانی گەلێک وڵات ئەوەیان کردووە، بەم جۆرە حکوومەتانە دەگوترێ "حکوومەتی سێبەر" (حکومە الظل) تەنانەت عەبدولحەلیم خەدام، کۆنە هاورێی حافز ئەسەد و بەشار ئەسەد، ئەوەتا لە فەرەنسا حکوومەتێکی لەو بارەیەوە دروستکردووە. هەروەها رەفعەت ئەسەدی برای حافز ئەسەدیش ئەوەی کردووە و نێوی ناوە مجلس الشعب.

*** وەک ئاگادارین کوردانی رۆژئاوای کوردستان لە ناتەبایی و پەرتەوازەیی دان، هەوڵی ئێوە و ئەم حکومەتە چییە بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی گەلی کورد لە رۆژئاوای کوردستان؟**

- لە وەرامی پرسیاری پێشوودا هێندەک رۆناکیم خستە سەر ئەم پرسیارە و دەمەوێ بێژم، کە حکوومەتی رۆژئاوای کوردستان هەوڵی رۆشنکاریی کۆمەڵانی خەڵکی رۆژئاوا دەدا بۆ یەکگرتن و دوورکەوتنەوە لە حیزبحیزبێنە و پشتنەبەستن بە بەڵێنی درۆی کاربەدەستانی رژێمی سووریا و ئەو بەرهەڵستکارە سورياییانەی کە ئەورۆ دەستیان نارِوا، بۆیە جاروبار باسێکی کورد دەکەن، بێ ئەوەی سنوورێکی بابەتیانە بۆ مافەکانی دەستنیشان بکەن.

## تەلەفزیۆنە کوردییەکان 80%ی قوونبادان و هەڵپەرکێیە و بەشەکەی دیکەشی پەسنی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردن

*** دەگوترێت پارت و لایەنەکانی رۆژئاوای کوردستان سیاسەتێکی سەربەخۆیان نییە، یان گرێدراوی سیاسەتی پارتە کوردییەکانی دەرەوەی سنوری رۆژئاوای کوردستانن، یان لە لایەن رژێمی سوری رێنمایی دەکرێن، ئایا پەیوەندیەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی و حکومەتی رۆژئاوای کوردستان لەگەڵ پارت و لایەنە سیاسییەکان لە چ ئاستێکدایە، یان روونتر بڵێین ئێوە لە کام لایەنی کوردی زیاتر نزیکن؟**

- ئەوە راستە و جێی داخ و خەفەتە. KNC سەر بە هیچ حیزب و کۆمەڵێک نییە و نابێ، بەڵام هەوڵی لە یەک نزیککردنەوەی حیزبەکانی رۆژئاوا دەدات و داوایان لێ دەکا، لەگەڵ رژێمی داگیرکەری سووریا هاوکاری نەکەن و ریزەکانیان لە سیخوڕ و گوێیبەلەکانی رژێم پاکبکەنەوە و خۆیان نەکەنە داردەستی حیزبەکانی دەرەوەی رۆژئاوا، بەڵکو پشت بە نەتەوەی کورد ببەستن و کێشەکەیان وەک بەشێک لە کێشەی نەتەوەی کورد و نیشتمانیی کوردستان بزانن و بۆ سەربەخۆییی کوردستان تێبکۆشن.

*** زۆر لەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ ئێوە دەکرێت لەلایەن راگەیاندنی عەرەبی و رۆژئاوایی ئێوە داکۆکی لە مافی کورد دەکەن لە هەر چوار پارچەی کوردستان، کەچی تاکو ئێستا ئێوەمان نەبینیوە لە باشوری ئازادکراوی کوردستان، یاخود لە کۆبوونەوە و کۆنفرانس و مەراسیمەکان ناهێنە کوردستان، تەنانەت لە راگەیاندنەکانی باشوریش ئێوە زۆر نابینرێن، هۆی چییە ؟**

- راستە، هەتا ئێستە ئێمەتان لە دەزگەی راگەیاندنی عەرەبی و رۆژئاواییدا بینیوە کە داکۆکیمان لە مافی هەموو پارچەکانی کوردستان کردووە، بەڵام ئێمەتان لە باشووری، بە قسەی بەرێزتان ئازادکراوی کوردستان نەبینیوە، یاخود بۆ کۆبوونەوە و مەراسیمەکان ئێمە نەهاتووینەتە کوردستان، پێویست بوو رووی ئەو پرسیارە بکەنە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی باشوور، نەک من، چۆنکە ئەو حیزبانە، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی، نەک هەر ئێمەیان بانگ نەکردووە، بەڵکو دوژمنایەتی ئێمە و کارەکانمانیان کردووە و دەیکەن و زۆر خراپتریش لە داگیرکەرانی کوردستان. ئەوان هەر شتێک خۆیان نەیکەن، بەربەرەکانی دەکەن و هەرکەسێکیش سەر بۆ فەرمانیان شۆڕنەکات، بە دوژمنی خۆیانی دەزانن. ئەز، لە ژیانی خۆمدا سەرم بۆ هیچ کەس و هیچ رژێم و هیچ دەسەڵاتێک شۆڕ نەکردووە، ئێستەش پێم ناکرێت سەر بۆ ئەوانە شۆڕ بکەم، کە پانزە ساڵە لە دەسەڵاتدان و تەنانەت ئاو و کارەبایان بۆ خەڵک دابین نەکردووە و بۆگەنی گەندەڵی و بەرتیلخۆرییان بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە. ئێستاش گەرمیان و هەڵەبجە و سۆران و بالیسان و گەلەک جهێن دی، وێرانە و کاول ماونەتەوە و کوران و کچانی کوردستان بێکار دەسوورێنەوە و ژنکوژی گەیشتوەتە سنوورێک، کە هەر مرۆڤێکی مێرخاس و، بەویژدان تف و نەعلەت لە بەرپرسان دەکات و هەر رۆژەش لە کەرکووک و مووسڵ و خانەقین و جەلەولا و مەندەلی و شەنگار و شێخان چەند کوردێک دەکوژرێن و بەرێزیشت بەمە دەڵێیت "کوردستانی ئازادکراو"! ئەز کوردستانەک بە ئازاد دەبینم، کە بێکاری و بێدادی و ملهوڕی و ژنکوژی تێدانەبێ و هەر کەس بکارێ مافی خۆی بخوازێ و بیهێنێتە دی و بە شەو بەزگی تێر و بێترس و لەرز سەر بنێتە سەر بالیڤی خۆی.

*** لە نامەیەک کە بۆ سەرۆکی ئەمەریکا جورج دەبلیو بۆشتان ناردووە، رەخنە لە گرنگی دانی ئەوان بە کەسانێک، کە گرێدراوی پەیوەندییە عەشایرەکان دەگرن، لێرە ئێوە خۆتان بە جیاواز دەبینن لەو جۆرە کەسانە؟ ئایا مەبەستان لە باشوری کوردستانە، کە لایەنە سەرەکییەکانی باشور پێگەیەکی گرنگتریان هەیە لای ئەمریکا، یاخود ئەو جۆرە کەسانە لە نێو رۆژئاوای کوردستاندان؟**

- ئەز باوەڕ ناکەم، کە لایەنە سەرەکییەکانی باشور پێگەیەکی گرنگیان هەبێ لای ئەمریکا، ئەگەر وا بووایە کێشەی کوردستان بە گشتی و باشوور بەتایبەتی دەگەیشتە پلەیەکی بەرز. ئەمەش هەر گوناهی ئەمریکا نییە، چونکە ئەمریکا زلهێزێکە و دوای بەرژەوەندیی خۆی کەوتووە، بەڵکو بێدەسەڵاتی و ژێنەهاتێتی سەرکردەکانی کورد، رۆڵی سەرەکییان لەمەدا هەیە. سیاسەتکارانی کورد، نە دەوڵەتداری فێربوون و نە لە دیپلۆماسێتی سەریان دەردەچێ. مەبەستیشم هەر سەرکردەی حیزبەکانی باشوور و رۆژئاوا نییە، بەڵکو مەبەستم سەرکردەکانی هەموو حیزبەکانی کوردستانە. کە هەتا ئەورۆ نەیانتوانیوە رۆشنبیرییەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی بە نێو خەڵکی کوردستاندا بڵاوبکەنەوە.

*** لە رۆژئاوای کوردستان لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و رزگارکردنی گەلانی عێراق بە کوردیشەوە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا جۆرج دەبلیۆ بۆش بە باوکی ئازادی دێتە ناساندن، ئێستا هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بە هۆی یارمەتیدانی رژێمی سوریا و وڵاتانی تری عەرەبی بۆ تیرۆریستان لە قەیران دان، کوردانی رۆژئاواش چاوەڕوانی ئازادین، ئایا دەبێت کوردانی رۆژئاوا هەر لە چاوەڕوانی هێزێکی دەرەکی دابن بۆ ئازادی، لە کاتێکدا راپەرین لە بەرامبەر رژێمێکی وەک سوریا، جگە لە ناخۆشتربوونی بارودۆخی کوردان هیچی تری بە دوادا نەهات، ئایا سەرکەوتنی هێزەکانی ئەمریکا و ئازادی کورد گرێدراوی یەکترن؟**

- باوەڕناکەم هیچ هێزێکی دەرەکی بتوانێ گەلەکی بندەست رزگار بکات، ئەگەر ئەو گەلە خۆی ئامادە نەکردبێ بۆ رزگاربوون. ئامانجی ئەمریکاش رزگارکردنی کوردستانی داگیرکراو و نەتەوەی بەشخوراوی کورد نییە، بەڵام کورد دەتوانن و پێویستە لەسەریان کەڵک لە هەڵوێستی ئەمریکا و بارودۆخی ئەو دەوڵەتانە وەربگرن، کە کوردستانیان دابەشکردووە. کە ئەمریکا عێراقی داگیرکرد، کورد دەیانتوانی کەرکووک و مووسلیش رزگاربکەن، بەڵام سەرکردەکانیان وێنەی خۆیان و پەرۆی زەرد و پەرۆی کەسکیان بە لاوە پیرۆزتربوو لە رزگارکردنی خاکی کوردستان. لەباتی ئەوەی بێژن ئێمەی کورد بە زۆر کراوین بە عێراقی و دەمانەوێ بڕیاری چارەنووسی خۆمان بدەین، هاتن بێ هیچ مەرجێک پێش مارێنزەکان کەوتن و کەوتنە عێراقچێتی کردنێک گەلێک خەستتر لە بەعسییەکان. تا کۆمەڵگەی کورد خۆی جیانەکاتەوە لە سیاسەتکارە حیزبچییەکانی و سیاسەت و چەکداری لەیەک جیانەکاتەوە، کوردستان رزگار نابێ.

*** ماوەیەک لەمەوبەر لە هەولێر یادی سێ ساڵەی راپەرینی رۆژئاوای کوردستان کرایەوە، ئەم راپەرینە زۆر بە پەلە لە لایەن دامودەزگا دا پلۆسێنەرەکانی رژێمی بەعسی سوری سەرکوت کرا، ئەو کات بۆچوونێک هەبوو کەوا حیزبە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان شانبەشانی حکومەتی سوری هەوڵی دامرکاندنەوەی رق و کینەی خەڵکی رۆژئاوای کوردستانیان دا، لەو کات هەوڵ و هەڵوێستی ئێوە چی بوو؟**

-راستە، بەداخەوە حیزبەکانی رۆژئاوای کوردستان لەگەڵ رژێمی بەعسی سووریا هاوکاری دەکەن و ئەمەش نابووتی ئەو حیزبانە پیشاندەدات. بەڵام هەر تەنێ ئەو حیزبانەی رۆژئاوا لەم رووەوە تاوانبار نین، ئەوەتا حیزبەکانی باشووری کوردستانیش رژێمی سووریا بە دۆستی کورد و حافز ئەسەدیشیان بە "الاخ العزیز" دەدایە قەڵەم. ئەز ژی لە وتووێژە تەلەفیزیۆنییەکاندا بەرپەرچی ئەوانەم دایەوە و رێکوڕاست باسی رۆژئاوای کوردستان و سەربەخۆییم کرد.

*** لە راپەرینەکە کاتێ کورد کوشتوبڕ دەکران پیاوانی بەعس و عەرەبەکان دروشمی (بروح بدم نفدیک یا سەدام)یان لەگەڵ گوللە بەسەر کورد دەباراند، کەچی لەو کاتدا لە باشور کۆمەڵێک نوسەر و رۆشنبیر بە رابەرایەتی (مامۆستا سەڵاح بەدرەدین) کە سیاسییەک و رۆشنبیرێکی رۆژئاوای کوردستانە، داوای دیالۆگی کوردی- عەرەبیان دەکرد، ئێوە وەک سیاسییەک و رۆشنبیرێک، کە تێکەڵێتان لەگەڵ رۆشنبیرانی عەرەب هەیە، ئایا وا هەست دەکەن ئەم دیالۆگە بۆچوونێکی ئەرێنی باشتری لای ئەوان دروست کردبێ دەربارەی کێشەی کورد؟**

- دیالۆگی نێوان کورد و عەرەب کەڵکی نابێ، ئەگەر رۆشنکاری لە نێو عەرەب و تورک و فارسدا نەکرێ. ئەمەش بەوە نابێ پەسنی چەند سەرکردەیەکی عەرەب بدرێ، یان چەند سەرۆک هۆز و هەڵبەستوان و نووسەرێکیان بانگ بکرێنە باشوور و لە پلاو و گۆشت بگیرێن و ئەوانیش یەک دوو قسەی بێ گومرگ بکەن و ئەمەش نێوبنرێ "لۆبی". رۆشنکاری بەوە دەبێ، کە تەلەفزیۆنێکی تایبەتی بەو زمانانە و بەدرێژایی رۆژ، چینی هەژار و بەشخوراوی ئەو گەلانە بهێنێتە جووڵە و لە بەشخوراوی خۆیان و درۆزنی دەسەڵاتدارەکانیان ئاگادار بکاتەوە. تەلەفزیۆنە کوردییەکان 80% ی قوونبادان و هەڵپەرکێیە و بەشەکەی دیکەشی پەسنی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردن، و تەنانەت نیو کاژێر کات نادەنە ئێمە، تا باسی کورد بکەین، بەڵام ئەوەتە بۆ سەڵاح بەدرەدین، کە تۆ پێی دەڵێیت، مامۆستا سەڵاح بەدرەدین، نەک هەر ڤیللا و ترومبێلیان داوەتێ، بەڵکو یانەیان دامەزراندووە بۆی و بە هەزاران دۆلاری لە پارەی کورد بۆ بەخت دەکەن. ئەز سەڵاح بەدرەدین باش دەناسم، چونکە ئەز ساڵانی ساڵ و هەر لە سەرەتای دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی رۆژئاوای کوردستانەوە لەلایەن رێبەری مەزن عوسمان سەبری، هاوکاری ئەو سەرکردەیە بووم و رۆڵی گەماری سەڵاح بەدرەدینم هیچ کاتێک لەبیر ناچێ. بەڵام گوناهی وی ناگرم، گوناهی کاک مەسعود بارزانی دەگرم، کە پەنای داوە بە سەڵاح بەدرەدین، لە کاتێکدا کە کاک مەسعود خۆشی زۆر باش دەیناسێ، ئێمەش لەبەر پاراستنی زێرەڤانیی نەتەوەیی، جارێ لە سەلاح بەدرەدین بێدەنگین.

*** کاتێک سەرۆک کۆماری ئیران (مەحمود ئەحمەدی نەژاد) رایگەیاند، کە دەیەوێت ئیسرائیل لە نەخشەی جیهان بسڕێتەوە، ئێوە دژایەتی خۆتان بۆ ئەو هەڵوێستەی سەرۆک کۆماری ئیران راگەیاند، ئایا دژایەتیتان بۆ سڕینەوەی ئیسرائیل لە نەخشەی جیهان لە چی سەرچاوەی گرتوە، لە کاتێکدا دەبینین ئیسرائیل هاوپەیمانی یەکێک لە وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستانە، کە تورکیایە. هەروەها هەڵوێستێکی بەرچاوی ئیجابی نییە بۆ کێشەی کورد، بۆ نمونە دەزگای موساد بەشداری بەرچاوی هەبوو لە تەسلیمکرنی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) بە تورکیا؟**

- راستە رژێمی ئیسرائیل هاوپەیمانی رژێمی تورکە، کە ئەمەش لە خۆشەویستی گەلی تورک نییە، بەڵکو بۆ بەرژەوەندیی خۆیەتی، کە ئەو کارە دەکات. رۆژێکیش بوو یارمەتی شۆرشی ئەیلولی دەدا، نەک لە خۆشەویستی کورد، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی خۆی. بەڵام ئێمە دەبێ رژێمی ئیسرائیل لە گەلی سەر بە ئایینی مووسایی جیابکەینەوە. گەلکوژی تاوانێکی گەورەیە، کە ئێمەی کورد چەند جار و چەند جار گەلکوژی کراوین، دەبێ لە دژی بوەستین. لە نێوبردنی ئیسرائیل هەر کاربەدەستەکانی لە نێو نابات، بەڵکو گەلێکی هەژار وبێگوناهـ و سێسەدهەزار کوردی جوولەکەش لەنێو دەبات، کە ئەوانە خوشک و برامانن. ئێمە نابێ شوێن دروشمی شۆڤێنیانە بکەوین.

*** لە نامەیەکی ئێوە کە بۆ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا ناردبووتان، لە وتەیەکتان دەڵێن (بەریتانیا لە دابەشکردنی کوردستان و بێبەشکردنی کورد لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا رۆڵێکی بنەڕەتی هەبوو و تا ئێستاش سەبارەت بە کورد هەمان سیاسەتیان پاراستوە)، لێرەدا دیار دەکەوێت، کە ئێوە زۆر گەشبین نیین سەبارەت بە سیاسەتی یەکێک لە وڵاتانی گرنگی رۆژئاوا بەرامبەر بە کێشەی کورد، لە کاتێکدا کوردانی باشوری کوردستان ئێستا خۆیان بە هاوپەیمانی رۆژئاوا دەزانن؟**

- راستە سەرکردەکانی حیزبەکانی باشووری کوردستان خۆیان بە هاوپەیمانی رۆژئاوا (بەریتانیا و ئەمریکا) دەزانن، بەڵام ئایا بەریتانیا و ئەمریکاش خۆیان بە هاوپەیمانی خەڵکی باشووری کوردستان دەزانن؟ ئەز پێموایە، ئەمە هاوپەیمانی نییە، بەڵکو هەڤاڵبەندییەکە بۆ کاتێکی تایبەت و گەیشتنە ئامانجێکی تایبەتی، کە ئەگەر بارودۆخ وا بڕوا، نە ئەمریکا و نە بەریتانیا و نە کوردیش ناگەنە ئەو ئامانجە، کە گوایە دەیانویست عێراقێکی دیموکراتی دابمەزرێنن و بیکەنە بنکەیەک بۆ ئازادی گەلانی رۆژهەڵاتی ناڤین. ئەوەتە ئەمریکا و بەریتانیا دەیانەوێ رێیەک بدۆزنەوە لە عێراق رابکەن. دوارۆژی عێراقیش، بە کوردستانە بندەستەکەیەوە دیار نییە، مەگەر ئەوەی هەلومەرجێک بێتە پێشەوە ئەمریکا و بەریتانیا ناچاربین چاو لەوە بپۆشن، کە باشووری کوردستان ببێتە دەوڵەتێک و بیپارێزن و هەڤاڵبەندێتییان لەگەڵ رژێمی تورک بگۆڕن، بە هاوپەیمانێتیان لەگەڵ کورد. ئەمەش وەنەبێ شتێک بێ لە کردن نەیەت، بەڵام زۆر زەحمەتە.

*** ئەگەر ئەم هەڵویستەی بەریتانیا بەرامبەر بە کورد بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئایا میکانیزمی فشارخستنە سەر بەریتانیا و هاوپەیمانەکانی لە لایەن گەلێکی بێ دەوڵەتی وەک کورد چۆنە؟**

- کورد لە پێش سەرەتای پەلاماردانی عێراقدا لە نیسانی 2003دا دەیتوانی گوشار بخاتە سەر بەریتانیا، بەڵام ئێستا پاش ئەوەی تۆنی بلێر لەلایەن حیزبەکەی خۆیەوە نرخی پێنادرێ و سیاسەتی بەریتانیا بەرەو ئەوە دەچێ، کە هێزەکانی لە عێراق بکێشێتەوە، باوەڕناکرێ گوشاری کورد کارکردێکی بەهێزی هەبێ. ئەوەتا حکومەتی بەریتانیا پەنابەرە کوردەکان بە زۆر دەنێرێتەوە کوردستان و دەبێژێ ئەمەش بەرێکەوتن بووە لەگەڵ پارتی و یەکێتی.

*** باشوری کوردستان بە بارودۆخێکی هەستیار تێدەپەرێ و هەڕەشە لە سەر دواخستنی مادەی 140ی دەستوری تایبەت بە ناوچە تەعریبکراوەکان هەیە و هەروەها هێرشی تورکیا بۆ سەر قەندیل بۆ لێدانی گەریلاکانی پەکەکە هەیە، بەڕای ئێوە ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە بنرێت چین؟**

- ئەز باوەڕ ناکەم حکوومەتی مالیکی بیەوێ یان بتوانێ کێشەی کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەی باشوور چارەسەر بکات. بەڵام چاوەڕوانیکردنی سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی لەمە پتر، نەک هەر کارێکی راست نییە، بەڵکو خراپکارانەشە. چۆنکە ئێستا پێویستە گوشار بخرێتە سەر حکومەتی مالیکی و ئەمریکا و بەریتانیاشا کە دەبێ کێشەی کەرکووک و شوێنە داگیرکراوەکانی دیکە لە کاتی خۆیدا تەواو ببێ. هەروەها

## بە داخەوە حیزبەکانی رۆژئاوای کوردستان لەگەڵ رژێمی بەعسی سووریا هاوکاری دەکەن و ئەمەش نابووتی ئەو حیزبانە پیشاندەدات

بە عادیل عەبدولمەهدی بگوترێت، کە ئەو قسەی رۆژنامەی "سەباح"ی تورک بڵاویکردوەتەوە، کە گوایا عادیل عەبدولمەهدی لەگەڵ ئەردۆغان رێککەوتووە بۆ دواخستنی گشتپرسی لە کەرکووک بۆ دوو ساڵی دی، بە رەسمی بەدرۆی بخاتەوە و بە مالکیش بگوترێ، ئەگەر ئەو قسانەی بە نێوی ویەوە بڵاوکرانەوە لەبارەی کەرکووکەوە (کە رۆژنامەی "میدیا"ش بڵاویکردنەوە) بەدرۆنەخاتەوە، ئەوا کورد لە حکوومەتەکەی دەچێتە دەرێ. ئەمە دەبێ ئێستا بکرێ، کە کار لە کار ترازا ناکرێ.

*** دوای روخانی حکومەتی بەعس لە عیراق، زۆر جار ئەمریکا هەڕەشەی گۆڕینی رژێمی سیاسی لە ئێران و سوریا دەکات، ئەگەر پرۆسەیەکی لە شێوەی عیراق لە سوریا لەلایەن ئەمریکا ئەنجام درا، هەڵوێستی ئێوە چی دەبێت؟**

-ئەگەر هاتوو ئەمریکا رژێمی سیاسی لە ئێران و سووریا بە زۆری چەک گۆڕی و هەوڵی ئەوەی دا، کە یەکێتی دەوڵەتی ئێران و سووریا بپارێزێ، ئەوا ئێمە پشتگیری ناکەین و هەوڵی سەربەخۆیی رۆژئاوای کوردستان دەدەین. دەبێ لە ئەمریکا بگەیەنرێ، کە کورد ئامادە نین یارمەتی بدەن بۆ شەڕی ئێران، ئەگەر ئەمریکا بە رەسمی و ئاشکرا و بە نووسین دان بەوەدا نەنێ، کە پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان دەکات. چونکە کوڕی حەمە رەزا شا بە تەمای "مونتەزیر سەلتەنەتی"یە پاش روخانی رژێمی ئیسلامی.

*** بە گشتی تێڕوانینتان بەرامبەر داهاتووی کوردستان چۆنە؟**

- داهاتووی کوردستان بەندە بە هەڵوێستی خەڵکی کوردستان و خەباتی خەڵکی کوردستان و ئامادەیی خەڵکی کوردستان بۆ قۆزتنەوەی دەرفەتەکان و گونجاندنی فاکتەرەکانی دەرەوە لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد و کێشەی کوردستاندا.